
وەزارەتی پێشمەرگە: بەهای هەرشی دژنەوە سێ پێشمەرگە برینداربوون



وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، بەهای هەرشی دژنی بۆ سەر دوو بارەگای یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە لە هەولێر و سلێمانی، سێ پێشمەرگە برینداربوون.

وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەنراوەکدا ئاوڕی خستووەتەوە، ئەم دەستدرێژیە نابەرپرسانەیە لەکاتێکدایە، پێشتریش چەندین جار بارەگاکانی هێزی پێشمەرگە هووبەووی بەردووماں بوونەتەوە، دەشێت، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق و فەرماندەیی ئۆپراسیۆنە هاوبەشەکانمان لەو پێشێلکارییانە ئاگادار کردووەتەوە.

وەزارەتی پێشمەرگە داوا لە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەکات بۆ ئەرکی یاسایی خۆی هەستێت و سنوورەک بۆ ئەم دەستدرێژیە ناوخۆییانە دابنێت.

وەزارەتی پێشمەرگە بۆ پەویستی دەزانێت، هەنگاوی خێرا و بەپەلە بنرێت بۆ ڕاگرتن و ڕاگیرکردن لەو گروپە لە یاسا دەرچووانە بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەم کردەوانە، کە وەکخۆی دەبێنە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە.